## د. بورهان یاسین بۆ چاودێر:

# دەسەڵاتی کوردی گرنگییەکی ئەوتۆی بەکێشەی ئەنفال نەداوە

**دیدار: هێرش رەسوڵ**

**ناسنامەی دکتۆر بورهان یاسین**

**×ساڵی ١٩٥٦ لە شارۆچکەی هەریر - لەباشوری کوردستان لەدایکبووە.**
**×ساڵی ١٩٨٠ بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی لەموسڵ تەواو کردووە.**
**×ساڵی ١٩٨٣ ەوە لە وڵاتی سوید دەژێت.**
**×لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەر "کێشەی کورد لەسیاسەتی زلهێزەکان" بڕونامەی دکتۆرای وەرگرتووە.**
**×چەندین لێکۆڵینەوەی تری بە زمانەکانی: سویدی، ئینگلیزی، کوردی هەیە. ■**

د.بورهان یاسین بڕوای وایە کاتێک کورد لە عێراقی نوێدا تراژیدیاکانی ئەنفالو هەڵەبجەو ئەوانی تری لە بیرکران، دەبێ لەوەش دڵنیا بێت کە "عێراقی کۆن بنیاد دەکرێتەوە".

هەروەک د.بورهان کە لە مێژووی سیاسیدا پسپۆرە پێیوایە ناتوانرێت ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەئایدۆلۆژیای بەعس جیابکرێتەوە، ئەمەش لەو روانگەوەی کە "بەعس تەعبیرە لەناسیۆنالیزمی عەرەبی".

بۆ قسەکردن لە تەوەری تراژیدیای ئەنفالو بەراورد لەگەڵ جینۆسایدی ئەرمەنو هۆلۆکۆست، "چاودێر" ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ دکتۆر بورهان یاسین مامۆستا لە زانکۆی لۆند لە سوید، سازکرد.

**چاودێر: چۆن دەتوانین ئەزمون لەجینۆسایدی ئەرمەنو هۆلۆکۆست وەربگرین لەبەرامبەر ئەنفالی کوردا؟**

دکتۆر بورهان: بەقەناعەتی من ئەزمونەکە دوو شێوەی هەیە، شێوەیەکیان ئەکادیمیە، یەکێکیشیان سیاسییە، لەئەزمونی ئەکادیمییەوە دیارە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی یەکجار زۆر کراوە لەسەر ئەرمەنو لەسەر هۆلۆکۆست، بەتایبەتی لەسەر هۆلۆکۆست، ئیتر ئەو لێکۆڵینەوانە لەبواری جۆراوجۆردا لەبواری مێژوو هەیە، لەبواری سیاسەت هەیە، لەبواری کۆمەڵناسی هەیە، لەبواری دەروونناسی هەیە، ئەو لێکۆڵینەوانە قوڵاییەکی مەعریفی ئەکادیمیان پێ دەدات، کۆمەڵێک مەنهەجو شێوەی لێکۆڵینەوەو (کۆنسێپت) یاخود چەمکمان پێ دەبەخشێ، بۆئەوەی وەکو ئالەتی تیۆری لێکۆڵینەوەی ئەنفال، بەشێوەیەکی ئاکادیمیانەو زانستیانە بەجێ بگەیەنین، لەڕووی سیاسیشەوە، (جوو) هەروەها (ئەرمەن) کۆمەڵێ ئەزمونیان بۆ ئێمە بەجێهێشتوە لەخەباتیان بۆئەوەی کەهەم جینۆسایدی ئەرمەن لەحاڵەتی ئەرمەندا، هەم هۆلۆکۆست لەحاڵەتی جووەکاندا بکەن بەمادەیەک هەم بۆ بەزیندووراگرتنی رابردوەکەیانو دەوڵەمەندکردنی ئەوەی کەمن پێی دەڵێم (کۆلێکتیف مێمۆری) یاخود زاکیرەی جەماعی یان بیرهاتنەوەی بەکۆمەڵ، هەروەها بەکارهێنانی ئەو جینۆسایدە وەکو مادەیەک لەئامانجە سیاسییەکان یاخود لەخەباتی سیاسییاندا هەم بۆ بەدەستهێنانی پێزانین کەئەو جەللادانەی وەختی خۆی ئەو جینۆسایدەیان ئەنجامداوە، پێزانینێک بکرێت بەرامبەر بەو جینۆسایدە، هەروەها لەو جێیانەی کە بکرێت داوای لێبوردن بکرێت، لەڕاستیدا جووەکان هۆلۆکۆستیان باش بەکارهێنا بۆ فەراهەمکردنیماڵێکی نەتەوەیی بۆ جووەکان کەدەوڵەتی ئیسرائیلە، هۆلۆکۆست حاڵەتێکی تەعاتوفی لەگەڵ بووەو پشتیوانیەکی نێونەتەوەیی گەورەی خەڵقکرد بۆ جووەکان بۆئەوەی ئیدی لەو مێژووە تراژیدیایەی کەتیای بوون کە بە هۆلۆکۆست کۆتایی هات ئیتر بەشێوەیەک لەشێوەکان یارمەتی ئەوانە بدرێت لەناو چوارچێوەی ماڵێکی نەتەوەییدا خۆیان بپارێزن، دەوڵەتی ئیسرائیل راستە فەراهەم بوو تەنها لەسەر ئەساسی ئەوە نییە کە هۆلۆکۆست حاڵەتێکی پشگیری لەگەڵ بوونی نێونەتەوەیی دروست کرد، لەسەر زۆر شتی دیکە رادەوەستێ، بەڵام مەسەلەی هۆلۆکۆست رۆڵێکی گرنگی هەبووە.

**چاودێر: گومان لەوەدا نییە ئەنفال کلتورێکی دینی لەپشتەوەیە، هەر ئەمەشە خاڵێکی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ کۆمەڵکوژی ئەرمەن و جینۆسایدی هۆلۆکۆست، بەڵام بۆچی لەخوێندنەوەکاندا ئەم لایەنە فەرامۆش کراوە لەسەر مەسەلەی ئەنفال؟**

دکتۆر بورهان: بەقەناعەتی من بەکارهێنانی هەندێ چەمکی دینی بەتایبەتی وشەی ئەنفال کە لەقورئانەوە وەردەگیرێتو لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەکاردێت زیاتر دەخرێتە ناو ئەو چوارچێوەیەی کەڕژێم هەوڵدەدات رەوایی بدات بەو هەڵمەتە بەدناوەی ئەنفال بۆ لەناوبردنی گەلی کورد یان راستی بڵێین بەشێک لەگەلی کورد، لەڕاستیدا هەندێک بۆچونی ئاواش هەیە کەئیدی تۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناتوانی لەئایدۆلۆژیای بەعس جیابکەیتەوە، بەعس تەعبیرە لەناسیۆنالیزمی عەرەبی بەشێوەی تایبەتی خۆی چڕکردنەوەیەتی لەقاڵبێکدا ناوی بەعسە، ئایدۆلۆژیای بەعسە، هەروەها جۆرێک لەپەیوەندی دروستکردن لەنێوان ئایدۆلۆژیای بەعسو ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئەوەی کەئیسلام هەڵگری یان ئیسلام راگری ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، هەڵبەتە ئەوە بابەتێکی گرنگەو جێگای سەرنجە، لەحاڵەتی لێکۆڵینەوە لەجینۆساید هەم چەمکە کلتوریەکان، هەم چەمکە ئایدۆلۆژیەکان گرنگی خۆیان وەردەگرن، لەحاڵەتی ئەنفالیش دا دیارە، وەکو هەر حاڵەتێکی تر لەجینۆسایدەکانی جیهانی مەسەلە کلتوریو ئایدۆلۆژیو سیاسیەکان بەشێوەیەکی زۆر توند چڕ دەبنەوەو رۆڵێکی تایبەتی دەبینن.

**چاودێر: رێگریەکان چین کە ئەنفال وەکو جینۆسایدی ئەرمەنو هۆلۆکۆست لەسەر ئاستی جیهانی تائێستا نەناسرێنراوە؟**

دکتۆر بورهان: هەتا رادەیەکی زۆر دەسەڵاتی سیاسی کوردی نەیتوانیوە ئەو گرنگییەی پێ بدات کەپێویستە، بەقەناعەتی من دەسەڵاتی سیاسیی کوردی هەتا رادەیەک هەندێ شتێشی کردوە کە ئەوەمان پێ دەڵێن ئیدی مەسەلەی ئەنفال ئەو گرنگییەی نییە وەکو من لەکۆڕەکەمدا باسی ئەوەم کرد کە لەبەڵگەنامەی راگەیاندنی کۆنفرانسی لەندەن کە لەکۆتایی (٢٠٠٢) کرا، لەپرۆسەی بەرەولەناوبردنی رژێمی بەعس بوو، راگەیاندنێکی گرنگ بوو لەوێدا باس لەقوربانیەکانی ئەنفال دەکرێت وەکو هاونیشتمانی، یان عێراقی، لەکردنەوەی یەکەم پەرلەمانی عێراقیشدا یەکێک لەسەرکردە کوردەکان لەوێ کەوتار دەدات ناوی ئەو قوربانیانەی ئەنفال وەکو هاونیشتمانی عێراقی دەهێنێتەوە کە بەقەناعەتی من ئەوە دەلیلە بە نائاگاداریەکی یەکجار یەکجار زۆری سیاسی لەکێشەی ئەنفال، هەروەها لەحەساسیەتی بابەتەکەوە لەوەی کەوا دەسەڵاتی سیاسی بەڕاستی بەدوای ئەوەدا ناچێ کەپێزانین وەرگرێت لەنەتەوەی سەردەستو نەتەوەی تری عێراقی عەرەبی، واشی لێبکات داوای لێبوردن بکات لەوەی کە لەکاتی خۆی لەعێراقدا روویداوە بەقەناعەتی من ئەگەر لایەنی عەرەبی لەعێراق خۆی لابدات لەپێزانین، خۆی لابدات لەداوای لێبوردن کردن بەمانای ئەوەی کە ئەنفال لەناو خواستی ئەوانەدا خۆی دەشارێتەوە بەمانای ئەوەی کە عێراق بەردەوامی عێراقی کۆنە، شتێک نییە بەناوی عێراقی نوێ تەنها لایەنی کوردیە بەشێوەیەکی خۆشبینانە، بەتەسەورێکی زۆر تایبەتی خۆی دەخوازێ رەنگێک دەبات لەو حاڵەتە سیاسییەی کە لەئێستای عێراق هەیە، ناوی بنێ عێراقی نوێ، بەقەناعەتی من عێراقی کۆن بەردەوامە لەجوگرافیای سیاسی دا، لەقوڵایی کلتوری عێراقی عەرەبی، لەقوڵایی ئایدۆلۆژیای عێراقی عەرەبی، لەو کێشانەی کەهەبوونە لە ٨٦ ساڵی رابردووی دەوڵەتی عێراق بەردەوامن، دەسەڵاتی سیاسی بەشێک لەو مەسەلانەی بەسەردا تێپەڕیوە، دواجار بەقەناعەتی من هەم لەئاستی دانیشگاکانی کوردستان، هەم لەئاستی لێکۆڵەرانی دەرەوەی کوردەوە هەتا بیانیش، دەبێ دەسەڵاتی کوردی دەستی کراوە بێت بۆ یارمەتیدانێکی مادی، فەراهەمکردنی هەموو ئیمکانیاتێک بۆئەوەی کەلێکۆڵینەوەی باشترو زیاترو زانستی تر لەسەر مەسەلەی ئەنفال بکرێت، ئێمە رێگایەکی درێژمان لەپێشە، بۆئەوەی کە ئەنفال بگەیەنینە ئاستی جینۆسایدو هۆلۆکۆست، کورتە رێگایەک بڕاوە، بەڵام بەراورد لەگەڵ ئەوەی کەماوە یەکجار زۆرە، بەبڕوای من هەر پێشکەوتنێک لەبواری ئەکادیمی لەسەر ئەنفال پێشکەوتنە لەبواری سیاسی بۆ بەجیهانیکردنی کێشەی ئەنفال هەم لەئاستی سیاسەتی نێو نەتەوەیی، هەم لەئاستی یاسای نێونەتەوەیی.



د. بورهان یاسین - مامۆستا لەزانکۆی لۆند لە سوید — فۆتۆ: چاودێر

**لەکردنەوەی یەکەم پەرلەمانی عێراقیشدا، یەکێک لەسەرکردە کوردەکان لەوێ کەوتار دەدات، ناوی ئەو قوربانیانەی ئەنفال وەکو هاونیشتمانی عێراقی دەهێنێتەوە، کە بەقەناعەتی من ئەوە دەلیلە بە نائاگاداریەکی یەکجار یەکجار زۆری سیاسی لەکێشەی ئەنفال**

**چاودێر: باسی رۆڵی ئەکادیمیو دانیشگات کرد، هەست ناکەیت زانکۆی کوردی تائێستا نەیتوانیوە لەم بوارەدا هەوڵی جدی بدات، یاخود لێکۆڵینەوەی جدی پێشکەش بکات؟**

دکتۆر بورهان: من چاوم کەوتووە بەهەندێ لێکۆڵینەوە کە تائێستا ئەنجامدراوە لەلایەن هەندێ خوێندکارانی دانیشگا، بەڵام ئەوەی کەماوە وەکو وتم زۆر زۆرە بەقەناعەتی من دانیشگاکانی کوردستان بوارێکی زۆر گەورەیان لەپێشە کەخوێندکارەکانیان بەتایبەتی لەپۆلی چوار ئاراستە بکەن بۆ مەسەلەی ئەنفال بەتایبەتی لەکۆمەڵناسی، لەدەروونناسی، کە لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر هەندێ کێشەی تیۆری بکەن باشترە بڕۆن لەسەر مەسەلەی ئەنفال لێکۆڵینەوە بکەن، بەڵام بەقەناعەتی من تا ئەو لێکۆڵینەوانە لەئاستی کوردستان بمێننەوە بەزمانی کوردی دەگەن، ئەوا ئەو پێناساندنەی کەئێمە دەمانەوێت لەئاستی جیهانییەوە بۆ ئەنفال بکرێت، نەکراوە ئێمە دەبێت لەئاستی دانیشگاکانی دەرەوە، پسپۆری ناسراو لەئاستی جیهانی لەمەسەلەی جینۆسایددا رابکێشینو پەیوەندیدار بکەین بەمەسەلەی ئەنفال، وەختێ ئەوە کرا، ئەنفال لەگەڵ جینۆسایدەکانی دیکە خوێندرایەوە، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین پشت راست بین کە ئەنفال گەیشتۆتە ئەو جێگایەی کەپێویستە.

**چاودێر: ئەی بەدەر لەمانە هەستناکەی زاکیرەی کوردی خۆی زاکیرەیەکی لاوازە بەرامبەر تراژیدیاکانی خۆی، هەست ناکەیت کەپێویستە بەردەوام ئەو زاکیرەیە دەمەزەرد بکرێتەوە؟**

دکتۆر بورهان: من لەسەرەتای قسەکانمدا گرنگییەکی تایبەتیم دا بەزاکیرەی جەماعی دا، ئەو زاکیرە جەماعیە زەخیرەیەکی یەکجار یەکجار گرنگە ماددەیەکی یەکجار یەکجار گرنگە لەخەباتی نەتەوەییدا، لەخەملاندنی بیری ناسیۆنالیزمدا، زاکیرەی جەماعی رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێ، لەخەباتی سیاسیشدا ئەو زاکیرە جەماعیە دەکرێت دواجار وەکو مادەیەک وەکو زەخیرەیەک ئیشی لەگەڵ بکرێت بۆ مۆبیلەزەکردنی توانا کۆمەڵایەتییەکان لەخەباتی سیاسی نەتەوەییدا، لەبەرئەوە بەقەناعەتی من چەند مەسەلەی ئەنفال بەزیندووراگیرێ لەلایەن خەڵک، نوسەران، ئەدیبان، شاعیران، هونەرمەندن، هەریەک لەبواری خۆی، بەوە ئەوەندە کەمە، واتە دەبێ ئەو بوارانە هەر هەمووی، مەسەلەی ئەنفال هەوڵبدرێت تیایاندا بەزیندوو راگیرێ، زاکیرەی جەماعی بەردەوام هۆشیار بکرێتەوە، ئاگادار بکرێتەوە، دەوڵەمەند بکرێت، دواجار ئەو زاکیرە جەماعیە تەنها وەکو حاڵەتێکی سیسیۆلۆجی تەماشا نەکرێت، بەڵکو ئەو حاڵەتە لەخەباتی سیاسیدا بەشێوەیەکی چالاکانە بەکاربێن.

**چاودێر: لەکۆڕەکەتدا ئاماژەت بەوە کرد کە لە ٢٠٠٥/١/١٢ لەبەرامبەر هەندێ عەرەبدا مەسعود بارزانی وتویەتی:" کورد زامەکانی سارێژ کراوە" رات لەم بارەیەوە چییە؟**

دکتۆر بورهان: من ئەوەم بەڕاستی بەشێوە بەڵگەیەک هێنایەوە، کەدەسەڵاتی سیاسی کوردی، سەرکردەی سیاسیی کورد، ماوەیەکی زۆر کەم تێپەڕیوە بەسەر ئەنفالدا، بەڕاستی وەختێک بەلایەنی عەرەبی دەڵێت ئێمە پشت راستین لەوەی کەوا برینەکانی دوێنێ سارێژ کراون، ئەوە ئیشارەتێکو هێمایەکی زۆر روونە بەلایەنی عەرەبی دەدرێت، کە ئێمە ئامادەین دوێنێ لەبیر کەین، ئێمە دوێنێمان لەبیرکردووە، بەقەناعەتی من دانی پەناهەندەیی یاخود بواری ئارام لەکوردستان، حەوانەوە لەکوردستان لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە بەهەزار فرۆکەوانی سەربازی عێراقی بەڵگەیەکی ترە، چونکە لەو هەزارە ئێمە دەتوانین پشت راست بین کەچەند سەرێکی هەر نەبێ بەشداری کردوە لەهەڵەبجەو لەئەنفالو لەوێرانکردنی کوردستان، کردنەوەی باوەشی کوردستان بۆ ئەو فرۆکەوانە سەربازیانە، لەڕاستیدا ئەوە ئەگەیەنێ کەئیدی ئێمە دوێنێمان لەبیرکردووە، ئەوەی ئێوە دوێنێ کردوتانە ئێوە بوراون ئێمە باسی لێوە ناکەین، لەڕاستیدا نەچوونە ئەرمەن ئەوەی نەکردوە، ئەوە ناکات ئەوڕۆش دوای ساڵانێکی یەکجار زۆر بەسەر هۆلۆکۆست لەهەموو قوژبنێکی دونیا دەگەڕێ بۆئەوەی پێڵاوی یەکێک لەقوربانیەکان بەپارەیەکی یەکجار زۆر بکرێت، لەمۆزەخانەکانی جیهانی دایبنێو مەسەلەی هۆلۆکۆست بەزیندوویی بهێڵێتەوە، بەزیندویی هێشتنەوەی ئەنفال مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە، لەخەباتی سیاسی، لەخەباتی بەیاسای نێونەتەوەییکردنی ئەنفال، ئەوەی دیکە بەڕاستی من بەڵگەیەکی دیکەشم هێنایەوە کە دکتۆر فواد مەعسوم لەکردنەوەی یەکەم پەرلەمانی عێراقی دوای کەوتنی دیکتاتۆر باسی ئەنفالکراوەکان بەهاونیشتمانی عێراقی دێنێ لەڕاستیدا ئەوە سڕینەوەی زاکیرە نییە تەنها، بەڵکو تەنها پێچەوانەکردنەوەی هەموو راستیەکانە، چونکە ئەوانەی ئەنفالکران بەر لەدەستپێکردنی لایەنی سەربازی لەئەنفال روتکرابونەوە لەهەموو مافێکیان نەک هەر لەمافی هاونیشتمانی هەتاوەکو لەهەموو مافێکی مرۆیی کەواتە برینەکان لەڕاستیدا سارێژ نەکراون، ئێمە نابێ یارمەتی ئەوە بدەین کە برینەکان هەروا بەو ئاسانییە سارێژ بکرێن، ئێمە دەبێ برینەکانی بەکراوەیی بەجێبهێڵین، هەوڵی تێگەیشتنیان بدەین، هەوڵی بەزیندوویی راگرتنیان بدەین، هەوڵی ئەوەش بدەین کەنەوەکانی داهاتووش بەهەمان گەرموگوڕی، بەهەمان چڕو پڕی، بەهەمان گرنگی ئەنفال بەزیندوو رابگرن.

**چاودێر: لەمەسەلەی باسکردنی هەڵوێستو رای سەرکردایەتی کوردی لەعێراقدا بەتایبەتی لەئێستادا لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیە، هەست ناکەیت ئەمە سیاسەتێکی رۆژە یان ئەو رایەی تۆ لەم بارەیەوە رایەکی ناسیۆنالیستانەیە؟**

دکتۆر بورهان: بەڵێ.. ئەوەی تۆ گوتت خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستاو خۆدورگرتنەوەی سەرکردایەتی سیاسی لەهەندێ گوتار کەدواجار رەنگە ببێتە هۆی تەشەنەبونی گرژی پەیوەندیەکانو رێگر لەسەر رێگای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقو فەراهەمبوونەوەی ئەو دامەزرانەوەیە، بەقەناعەتی من ئەوە تەنها بیانوویەکە، چونکە دواجار تۆ عێراقێک بینا دەکەیتەوە کەبەبۆچونی سەرکردایەتی خۆی دەڵێ زۆری جیاوازە لەگەڵ عێراقی دوێنێ، بەڵام بەداپۆشینی تراژیدیاکانی دوێنێو خۆکەڕکردن لەتراژدیاکانی دوێنێ پێچەوانەکردنی راستیەکانەو ئەمانە یارمەتی ئەوە نادەن کەعێراقێکی نوێ دروستبێتەوە، ئەگەر ئێمە وا لەخۆمان بکەین کەتراژیدیاکانی ئەنفالو هەڵەبجەو ئەوانی تر، ئەوڕۆ لەپرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراقدا بنبڕ بکرێن، دەبێ ئێمە لەوەدا باش پشت راست بین کەئێمە عێراقی کۆن بنیاد دەکەینەوە، عێراقێک بینا دەکەینەوە کە لەوێدا عەرەبەکان دەست ناپارێزن لەکۆمەڵکوژی ئەگەر بۆیان بلوێ، چونکە ئەمڕۆ لەمەسەلەی ئەنفالدا نایانەوێت بەرەو رووی ئەو مەسەلەیە ببنەوە نایانەوێت، پێزانین بکەن، ناشیانەوێ داوای لێبوردن بکەن، بەو مانایە ئەنفالی داهاتوو خۆی شاردۆتەوە لەهەڵسوکەوتی ئەواندا ئەوە گوتارێکی ناسیونالیستییە یان نا، بەقەناعەتی من ناکرێ ئەو گوتارە بنوسن یان لەقەڵەم بدرێت، چونکە لێکۆڵەرێکی بیانیش دەتوانێت ئەو خاڵانە بێنێتە دەنگ، دەتوانێت بەو گوتارەی کەمن بەڕاستی قسەم پێوە کردووە لەهەندێ برگەی بچوک نەبێ، گوتارێکی ئاکادیمییە، یەکێک لەلێکۆڵەرانی بواری ئەرمەن یا هۆلۆکۆست دەکرێ بەهەمان ئەو زمانەی کەمن ئەنفالم پێ هەڵسەنگاندوە، ئەویش بیکات، زۆرجار سەرکردایەتی سیاسی بونەتە جێگای رەخنەو جێگای توانج لەلایەن لێکۆڵەرانی بیانییەوە بەو مانایە وەختێک من بەشێوەیەکی رەخنەگرانە تەماشای هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی سیاسی دەکەم بەپەیوەندی لەگەڵ ئەنفال، بەراوردی پێدەکەم لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی سیاسی ئەرمەنو جولەکە، دەبینم جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە لەسەر من وەکو ئەکادیمی پێویستە ئەو جیاوازیە بێنمە دەنگ، وەکو گوتم ئەرمەنەکان ئەوڕۆ وەکو ٩٠ ساڵ پێشی ئێستا لەسەرپێن، بۆئەوەی کەوا پێزانین بکرێن بەجینۆسایدی ئەرمەن عوسمانیەکان کردویانە بەڕەسمی، داوای لێبوردن بکرێت، لەسەر ئەوە بینای هەندێ شتی یاسایی بکات، تورکیا ئەڵێ ئەگەر پێزانینمان کرد بەجینۆساید، ئەگەر داوای لێبوردنمان کرد، ئەرمەن لەهەنگاوی داهاتوودا بینا لەسەر ئەوە داوای هەندێک ماف دەکات، بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەنادۆڵو ئەو پارچەیەی کەیاخود ئەو ناوچەیەی کەکاتی خۆی بەناوی ئەرمەنەکان دەناسرا لەتورکیا وەری بگرنەوەو دەوڵەتی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن، هەروەکو جوو چۆن توانی هۆلۆکۆست بەکاربهێنێت بۆ ئەو مەبەستە، جا مەسەلەکە زیاتر بەڕاستی بەراوردە، هێنانە دەنگی راستیەکانە لەوەی کەگوتارێکی ناسیونالیستی بێ.

**چاودێر: پێتوانیە هەر لەناوخۆی باشوری کوردستاندا لەئێستادا ئێمە پێویستمان بەڕۆشنبیریو هۆشیاریەکی گشتی هەیە بەتایبەتی لەبەکارهێنانی میدیاکانمان، دەزگاکانی پەروەردەییو سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپێناو هۆشیاریەکی گشتی بۆ مەسەلەی ئەنفال؟**

دکتۆر بورهان: هەر هەموویان، بواری فێرکردن، قوتابخانە بەئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵی سیاسی کەدەکاتە دەسەڵاتی سیاسی، هاونیشتمانی کوردستانی، ئەوانە هەموویان بەڕاستی پەیوەنددارن بەمەسەلەی بەزیندوو راگرتنی ئەنفال، هەریەک لەلای خۆیەوە لەو ئاستەی کە لێیەتی دەتوانێت مەسەلەی ئەنفال بەزیندوو رابگرێت، تا ئەو جێییەی کەپەیوەندی هەیە بەپاشماوەکانی ئەنفال، لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەو هەموو خەڵکانەی کەئەمڕۆ تائێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە رەشپۆشن چاوەڕێی ئەوانەن کەخۆشەویستەکانیانن کەبزربون جا باوک بێ، دایک بێت، مێرد بێت، ژن بێت، ئەمانە بەڕاستی کێشەی هەموو کوردێکە، لێرەدایە گرنگی بەنەتەوەییکردنی ئەو دیاردانەی کەپێویستە بەنەتەوەیی بکرێن، هەر کێشەیەک کە لەئاستێکی سنورداردا دەکرێن، بەڵام مانایەکی نەتەوەیی هەیە جا ئەو روداوە یان ئەو دیاردەیە ئەگەر خاڵێکی گەشەدار بێت یان تراژیدیا بێت لەمێژووی ئەو نەتەوەیەدا وەکو یەک گرنگە کە بەنەتەوەیی بکرێت، واتە بکرێت بەکاری، بکرێت بەگرنگی، بکرێت بەبەرپرسیاری هەر تاکێک لەهەر جێگایەکی کەلێیەتی.

**چاودێر: (بەراوردێک لەنێوان جینۆسایدی ئەرمەنو هۆلۆکۆستو ئەنفالدا) ناوی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بەڕێزتانە پێشکەشی ئەنجومەنی زانستی سوید_تان کردوە، دەکرێت پێمان بڵێیت وەڵامی ئەو ئەنیستیوتە ئەکادیمیە چی بووە بۆ ئەم توێژینەوەیە؟**

دکتۆر بورهان: لەڕاستیدا ئەوە تەنها ئەوە پێشنیارێکە داومە بەئەنجومەنی زانستی سویدی باڵا، چاوەڕێی وەڵامیانم، تەنها ئەوە پێشنیارێکە بۆئەوەی دوو سێ ساڵ لەکاتی خۆم سەد لەسەد لەسەر ئەنفال ئیش بکەم، ئەوان بواری ئەوەم بۆ برەخسێنن، هەتا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، وا بزانم مانگی (١١) وەڵامم دەدەنەوە ئایا ئەوان قبوڵیانە ئەنفال بەوشێوەیەی کەمن پێشنیارم کردوە دراسە بکرێت؟ ئەوەی کەمن پێشنیارم کردوە بەڕاستی بەپەیوەندی لەگەڵ هەندێک ناوەندی تر کە لەسوید هەن لەدو سێ دانیشگای سوید هەن کەکار دەکەن لەگەڵ جینۆسایدی ئەرمەنو هۆلۆکۆستو هەروەها لەناوبردنی خەڵکانێکی زۆر لەماوەی رژێمی ستالینی لەڕوسیا، لەسەر ئاسوریەکان خەڵکانێک هەن کارەکەن، لەگەڵ ئەو حاڵەتانەوە من هیوادارم کە لەرێگای قبوڵکردنی ئەو پێشنیارەمەوە منیش بچمە پاڵ ئەو کەسانە، لەگەڵ ئەو کەسانە بتوانم هاوکاری بکەم کەئەنفال بخرێتە ناو کێشەیەکی فراوانتر کەجینۆسایدە، جا لەهەر جێگایەکی دونیا رویدابێ.■